# بزوتنەوەی شورایی لە کوردستانی عیراق

**ئامادەکردنی ڕێنوار جبار**
renwar_jabar2@yahoo.com

(5)

***لە ئاستی سەرتاسەریدا پلاتفۆرمێکمان حازر کردبوو بۆ زیاتر ڕۆشنایی خستنە سەر شێوەی دەسەڵاتداریەتی شوراییو یاسا سەرەکییەکانی حکومەتی شورایی، هەروەها سەرخەتی یاسای کاری کرێکارانو پەیڕەوی ناوخۆی شوراکانیش ئامادە کرابوون، کە هەموو ئەمانەلە ئاستی جۆراوجۆردا بڵاوکرابوونەوە لە ناو هەڵسوڕاوانو لەناو کرێکارانو زەحمەتکێشاندا، پاشان ئەم بەڵگەنامانە بوو بەبەڵگەنامەی "دەستەی بەرەو پێشبردنی بزووتنەوەی شورایی" کە یەکەم ناوەندی ڕابەریکەری بزووتنەوەی شورایی بوو، پاشان وەك "پرۆژەی بەرنامەی حکومەتی شورایی" لە کۆبوونەوەی گشتی نوێنەرانی شوراکان لەڕۆژی 1991/3/23 لەسلێمانی پەسەند کراو بڵاوکرایەوە:***

# ثرؤذةى بةرنامةى حكومةتى شورايى

## ثةسةندكراوى كؤبونةوةى
## نويَنةرانى شوراكان 23/ 3/ 1991

## قانونة ئةساسيةكانى حكومةتى شوورايى

**یەکەم: ئەو نیزامە سیاسییەی کە دەبێ پاش ڕوخاندنی حکومەتی بەعسی سەرمایە بێتە سەر کار، حکومەتێکی پەرلەمانی نییە. تاقیکردنەوەی جیهان نیشانی داوە کە پەرلەمان هەروەك لەشکرو پۆلیسو دەزگا بیرۆکراتییەکانی تری دەوڵەتی ئامرازی حکوتی سەرمایەدارانەو لە پێناو سەرکوتو فریودانی جەماوەردا کاردەکەن.**

**ئێمە دەمانەوێت حکوتی شوراکان دابمەزرێنین، دەسەڵاتداریەتیشوراکان لەسەر بنچینەکانی:**

**1/دەسەڵاتداریەتی خەڵك لەسەر بناغەی دیموکراتی شورایی.**

**2/هەڵوەشانەوەی لەشکرو هێزە چەکدارە پیشەییەکانی جیا لەخەڵكو چەکدارکردنی تێکڕای خەڵك لە جێگای ئەواندا.**

**3/ هەڵوەشانەوەی بیروکراتی دەوڵەتی سەرووخەڵكو دامەزراندنی نیزامی دیموکراتی شورایی بۆ بە ڕێوەبردن لە جێگای ئەو.**

**دووەم: شکڵی پێکهاتنو دەستوری حکومەتی شورایی.**

**1/ بەردی بناغەی نیزامی شورا بنەڕەتییەکانن. ئەمانە سەرچاوەی تەواوی ئۆرگانە هەڵبژێردراوەکانیترن و دەسەڵاتی محەلیو چاودێریکەری کاربەدەستانو نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خەڵکن.**

**"شورا بنەڕەتییەکان" لەگەڕەكو کارگەو دائیرەو دێو ئۆردوگاکان وە هەر شوێنێکیتر دەبێ پێك بێن.**

**2/ "شورای نوێنەران" لە هەر شارو مەڵبەندێك دەبێ پێك بێت.**

**3/ نوێنەرانی شوراکانی کوردستان، ئەرکی بەڕێوەبردنی هەموو کاروباری سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیو چەکداری کوردستانە.**

4/ "کۆنگرەی سەرانسەری نوێنەرانی شوراکان" بەرزترین ئۆرگانی حکومەتە.

5/ شوراکان هەم یاسا دانەرن‌و هەم بەڕێوەبەری یاسان. شورای گەڕەك لە چوارچێوەی گەڕەکی خۆیدا مافی بڕیاردان‌و یاسا دانانی هەیەو هەروەها شورای کارگە، دائیرەو لادێ‌وئۆردوگاکانیش. بڕیاردان سەبارەت بە مەسائیلی سەرانسەری‌و گشتی لە ئەستۆی "شوراکانی نوێنەران" دایە، لە ئاست شارو مەڵبەندەکاندا. "کۆنگرەی سەرانسەری نوێنەرانی شوراکان" لە ئەستۆی‌دایە کە قانونی ئەساسی وڵات، قانونی کار، قانونە جەزایی‌یەکان، قانونی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی‌و داواکاری‌یەکانی زەحمەتکێشان بڕیار بداو بەڕێوەی ببات.

6/ کۆنگرە بۆ بەڕێوەبردنی یاساکان هەیئەتی بەڕێوەبردن دەست نیشان دەکات. ئەم دەزگایە ئەرکەکانی حکومەتی شوراکان بەڕێوە دەباو دەزگاکانی ئیدارەی وڵات‌و بەرپرسانی هەر بەشێك دیاری دەکات لەوانە، بەرپرسی کاروباری دەرەوە، ناوخۆ، دەزگای دادوەری، کارو پیشەو مەسەلە کۆمەڵایەتی‌یەکان، کاری کشتوکاڵی، هێزی چەکداری گشتی، کاروباری ماڵی‌و خەزنەداری، کاروباری پزیشکی‌و تەندروستی‌و کاروباری فێرکردن‌و پەروەردە. "شورای نوێنەران" یش لە پلەی شار یان مەڵبەندێکدا بەرپرسیاران‌و دەزگای ئیدارەی پێویست دیاری ئەکات.

7/ نوێنەران و کاربەدەستان لە هەموو پلەیەکدا بەهەڵبژاردن دیاری دەکرێن‌و هەر کاتێك کە زۆربەی ئەوانەی هەڵیانبژاردوون بیانەوێ وەلا دەنرێن‌و دەگۆڕدرێن. ئەو کەسانەی کە بەم جۆرە دەبنە کاربەدەست‌ولەلایەن خەڵکەوە یان نوێنەرەکانیانەوە هەڵدەبژێردرێن بەبێ جیاوازی ئەوەندەی کرێی کرێکارێکی شارەزا مانگانە وەردەگرن.

8/ دەنگدانی گشتی، یەکسان ، ڕاستەوخۆو نهێنی مافی هەموو کەسێکی سەرو 16 ساڵ بە ژن‌و پیاوەوە. هەرکەسێکی سەرو 18 ساڵ دەتوانێ بۆ هەر دەزگاو ئۆرگانێکی نوێنەرایەتی هەڵبژێردرێت.

9/ قازی‌یەکان وە کاربەدەستانی قەزایی دەبێ هەڵبژێردرێن‌و قابیلی وەلانان بن هەر کات زۆربەی ئەوانەی هەڵیانبژاردوون بیانەوێ. هەر جۆرە دادگایەکی نهێنی‌و تایبەتی هەڵدەوەشێتەوەو هەموومحاکەمەیەك بەئاشکرا دەبێ.

10/ لەشکرو باقی هێزە چەکدارە پیشەیی‌یەکانی جیا لەخەڵك‌و ڕێکخراوە جاسووسی‌و نهێنی‌یەکان دەبێ هەڵوەشێنرێنەوەو خەڵك بەگشتی چەکدار بکرێن‌و کاروباری چەکداری لە هەموو پلەیەکدا فێری خەڵك بکرێت، هەڵوەشاندنەوەی تەجنیدی ئیجباری.

11/ خەڵك بەسەر سیاسەتی دەرەوەدا چاودێری تەواوی هەبێت. دەبێت دبلۆماسی نهێنی بەتەواوی هەڵوەشێتەوە. هەموو بزووتنەوە شۆڕشگێڕانە کرێکاری‌و دیموکراتی‌یەکان پشتیوانی لێ‌دەکرێت، وە هەموو پەیمانێکی دیل هێنەری ئابووری، عەسکەری‌و سیاسی ئیمپریالیستی هەڵدەوەشێتەوە.

12/ دەبێت دین بەتەواوی لە دەوڵەت جیا بێت. دین وەك کارێکی تایبەتی هەر کەسە چاوی لێ‌دەکرێت. هەموو کەسێکی وڵات ئازادە کە هەر جۆرە دینێك هەڵبژێرێت وە یان بێ‌دین بێت. هیچ دینێك وەك دینی ڕەسمی وڵات ناناسرێت.

13/ مافی دیاری‌کردنی چارەنووس، مافی بێ‌ئەملاولای هەموو میللەتێکە. خەڵکی کوردستان ئازادن بەهەر شێوەیەك دڵخوازی خۆیان بێت، چارەنووسی سیاسی کوردستان‌و شکڵ‌و قەوارەی دەسەڵاتی سیاسی‌و پەیوەندی‌یە حقوقی‌و ئیداری‌یەکان دیاری بکەن. نەدەوڵەت‌و نەهیچ هێزێکی سیاسی بۆیان نی‌یە کە بەزۆرە ملێ پێش بەوە بگرن خەڵکی کوردستان بەدڵخوازی خۆیان چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن.

14/ ئازادی بێ‌قەیدوشەرتی سیاسی، ئازادی بیروباوەڕ، بەیان ، چاپەمەنی، ئازادی کۆبونەوە، هەڵبژاردن، خۆپیشاندان، مانگرتن‌و پیکهێنانی نەقابەویەکێتی‌و هەر جۆرە ڕێکخستنێکی صنفی‌و سیاسی.

15/ ژن‌و پیاو لە هەموو مافێکی قانونی‌دا یەکسانن. هەر چەشنە جیاوازی‌یەکی قانونی لەسەر بناغەی جنس هەڵدەوەشێتەوە.

16/ هەر جۆرە جیاوازی‌و مەحدودی‌یەتێك لەسەر کەمایەتی‌یە مەزهەبی‌یەکان وە لەسەر مافی قانونی هەرکەسێك لەبەر مەرامو بیروباوەڕی سیاسی وەلا دەنرێ.

17/ هەموو کەسێك ئازادە شوێنی کارو نیشتەجێ بوونی خۆی هەڵبژێرێ. هەر جۆرە دەست تێوەردانێکی پۆلیسی لە ژیانی تایبەتیخەڵکداو پشکنینی ماڵی خەڵك بەهەر بیانوویەکەوە بێت قەدەغەیە. ڕێگە نەدان بەهیچ هێزێکی پۆلیسی سەرکوتگەر بە هەر ناوێکەوە بێت.

18/ حکومەتی شوراکان مافە دیموکراتییەکانی خەڵکی زەحمەتکێش بەڕەسمی دەناسێو زەمانەتی بەڕێوەبردنی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەگرێتە ئەستۆی خۆی.

***

# سەرخاڵە ئەساسییەکانی یاسای کاری کرێکاری

دیاریکردنو بڕیاردانی یاسای کاری کرێکاریو بەڕێوەچوونی ئەو یاسایە تەنها لەلایەن نوێنەرانی شورا کرێکارییەکانەوە دەبێت. ئەو یاسایە یاسایەکی نەگۆڕ نییە، بەڵکو بەپێی بەرەو پێشچوونی ژیان گۆڕانکارییەك لە دەروونی خۆیدا دیاری دەکات.

1- ئازادی تەواوی مافی پێکهێنانی هەر جۆرە ڕێکخراوێك بۆ کرێکاران لە تەواوی بەشەکاندا.

2- ئازادی بێقەیدوشەرتی مانگرتن، خۆپیشاندانو کۆبوونەوەو...

3- ڕۆژانە 7 سەعات کارو 35 سەعات لەهەفتەداو بە 2 ڕۆژ پشووی بەسەر یەکەوە.

4- ساڵانە 45 ڕۆژ مۆڵەت جگە لە عوتڵە ڕەسمییەکان بەتەواوی حقوقو پاداشتەکانەوە. جگە لەمەش دەبێ مانگانە 2 ڕۆژ مۆڵەتی تایبەتی بۆ ئافرەتان بدرێت.

5- کرێی کرێکاران دەبێ گونجاوبێت لەگەڵ خەرجییەکانی ژیانێکی تێرو تەسەلو باش کە دەبێ لەلایەن نوێنەرانی سەراسەری شورا کرێکارییەکانەوە دیاری بکرێ.

6- دەرکردنی کرێکاران بە هەر بیانوویەکەوە بێت قەدەغەیە.

7- سزادانی کرێکاران بەهەر بیانوویەکەوە بێت قەدەغەیە.

8- شەوکاری جگە لەو بەشانەی کەکاری شەوانەی تێدا پێویستە قەدەغەیە. دانانی کرێی دوو بەرابەر بۆ کاری شەوانە. کاری قۆنتەراتیو زێدەکاری قەدەغەیە.

9- کاتی هاتوچۆو حەمامو خواردنو فێربوونی خوێندەوارییو کۆبوونەوە لەسەر کاتی کار حساب دەکرێت.

10- سەلامەتی شوێنی کارو نەهێشتنی مەترسی دەبێ بەپێی تازەترین دەستکەوتەکانی تەکنیکی سەردەم مسۆگەر بکرێت.

11- هەموو کرێکارانی بێکارو هەموو کەسێکی سەرو18 ساڵ کە ئامادە بێت کار بکاتو کاری دەست ناکەوێت زەمانی (بیمە)ی بێکارییان پێبدرێت.

12- لانی زۆری تەمەنی خانەنشین بوون (تقاعد) 55 ساڵە یان دوای 25 ساڵ پێشینەی کار بەڕەچاوکردنی نەخۆشیو کارەساتی کتو پڕ بەتەواوی مافو پاداشتەکانەوە کە پێشتر پێی دراوە.

13- کرێی یەکسان بۆ ژنو پیاو بەرامبەر بەکاری یەکسان. هەروەها ئیستیخدامی یەکسان.

14- کاری قورس بۆ ژنانی دووگیان قەدەغەیە. ژنان لەدەورانی دوو گیانیو منداڵبەریدا دەبێ لانی کەم 18 هەفتە مۆڵەتیان پێبدرێت، کاری ڕۆژانەی ژنانی منداڵدار نابێ لە 6 سەعات زیاتر بێت.

15- کاری منداڵانو لاوانی کەمتر لە 18 ساڵ قەدەغەیە.

16- نوێنەرانی شوراکان لەسەراسەری وڵاتدا چاودێری چوونە پێشو بەڕێوەبردنی یاسای کاری کرێکاری دەگرێتە ئەستۆی خۆی.

17- دابینکردنیپێداویستی خۆشگوزەرانیو فەرهەنگی لە شوێنی کارو گەڕەکی نیشتەجێ بوونی کرێکاران لەوانە ساڵۆنی کۆبوونەوە، وەرزش، پشوودانو حەمام هتد...

18– کرێکاری خارجی وەك هەر کرێکارێکی عێراقی بەهرەمەندە لە تەواوی مافەکانی یاسای کار تا ڕادەی دەنگدانیان بۆ هەڵبژاردن.

19– دیاریکردنی 1 ی ئایار وەك ڕۆژی جیهانی چینی کرێکارو پشووی ڕەسمی وڵات.

20– بڕیارنامەی کۆبوونەوە کرێکارییەکان بەڕەسمی دەناسرێت.

21– پیرو کەنەفتەکانو منداڵانو لاوانی کەمتر لە 18 ساڵو بێسەرپەرشتیار دەبێ ژیانیان دابین بکرێت لە لایەن دەوڵەتەوە.

***

# ڤێرەوی ناوخۆی شوراکان

شوراکان لەسەر بناغەی دەنگدان، بەشداریکردن لەکۆبوونەوە گشتییەکانو خۆهەڵبژاردندا، پەیوەندییەکانی دەروونیخۆی لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕێك دەخاو دەیباتە پێشەوە.

1– هەموو ئەو کەسانەی کە تەمەنیان لە 16 ساڵ تێپەڕ ببێت، بەژنو پیاوەوە ئەندامی شورانو دەبێت لە کۆبوونەوەکاندا بەشدار بن.

2– کۆبوونەوەی گشتی "شورا" بەئامادە بوونی نیوەی دانیشتوانی هەر گەڕەكو کارگەو شوێنێك ڕەسمیدەبێت.

3– شورا دەزگای بەڕێوەبەرایەتی هەڵدەبژێرێت تاوەکو کۆبوونەوەکە ڕێنوێنی بکاتو دەستوری کۆبوونەوەکە ڕابگەیەنێت، بۆ قسەو باسەکان کات دیاری دەکات. کاتی قسەکردنو بیروڕا موافیقەکانو موخالیفەکان دیاری دەکاتو بۆ هەر شتێك کە پێویستی بەدەنگدان بێت ڕاگیری دەکات.

4– هەیئەتی بەڕێوەبەرایەتی یەکێك یا چەند ڕاوێژکارو نوسەر بۆ خۆی دیاری دەکات هەتا کورتەی وتووێژەکانو پەسەندکراوەکان بنووسنەوە.

5– بڕیاردان لە کۆبوونەوەی گشتیدا دەبێ بەشێوەی ڕێكو پێك بێت. مانای دەستوری کۆبوونەوەکەو بابەتەکانی دەبێ پێشتر دانرابێت، ئەو کەسەی پێشنیارێك دەدا، لایەنگرانو مخالفینی دەبێ هەرکامەیان بەقەدەر پێویست بەشوێن یەکدا قسە بکەن پاشان بەبڕیاری هەیئەتی بەڕێوەبەری کۆبوونەوەکە دەنگدانی لەسەر بکرێت.

6– دەنگدان ئەگەر بەشێوەی ڕاستەوخۆو ئاشکرا نەکرا دەکرێ بەنهێنی ببرێ بەڕێوە.

7– شورا دەبێ بۆ بیرو باوەڕو مافی گشتیو شەخسی هەڵسوڕان لە شورادا ڕێز دانێتودیفاعی لێبکات.

8– .........



ریێپیوان بەرەو بەردەرکی سەرا (مەیدانی دەنطی ئازادی) لەسلیَمانی-
*1991/3/16